# ؟

# کوردی نەتەوەیی دەتوانێ ڕاسیست بێ؟



حەکیم عەبدوڵڵا
(کاکەوەیس)
سوێد

زاراوەی ڕاسیزم لە(Race) یا Ras)ەوە سەرچاوە دەگرێ‌و عارەب (عرق) یا (عنصر)ی پێ دەڵێن و لەکوردیشدا (ڕەگەز)و هێندێ جاریش (ڕەسەن)ی بۆ بەکار دێ. زانست بنیادەمی کردۆتە سێ بەشی سەرەکییەوەو ناوی هەریەکەیان بە (Race) دەبا:

١–ڕەگەزی ڕەش (قول)(١) Negrida

٢–ڕەگەزی زەرد Mongolida– دەبێتە دوو بەشەوە:

أ– مۆنگۆلی باشووری ڕۆژهەڵات.

ب– مۆنگۆلی باکوور–دانیشتوانی ئەسکیمۆ–و سێبیریاو هندیە سوورەکان).

٣–ڕەگەزی سپی Europida– دوو بەشە:

أ– (Kaukas کەوکاسی–قەوقاس)ە ئەوروپاییەکان

ب– کەوکاسە نائەوروپییەکان.

بەپێی ئەم دابەشکردنە، کوردو میللەتانی دەوروبەرو نزیکی، لەڕەگەزدا سەر بە کەوکاسیی سپی دەرەوەی ئاوروپان.

ئەوەی ئەو سێ ڕەگەزە لێك جیادەکاتەوە ئەمانەن:

١. ڕەنگی پێست ٢. شێوەی کەللەسەر ٣. بەژنوباڵا ٤. شێوەو ڕەنگی قژ. ئەوەشی ڕۆڵی سەرەکی لەم دابەشبوونەدا دەبینێ خەتە پانەکانی گۆی زەوییە ئەوجا دابڕانی سروشتی جوگرافی‌و بایۆلۆژی. بەو دواییانەش ئایین و بیرو باوەڕو مەزەب بوونە دیوارو بەربەستی نێوان ئەو ڕەگەزانە. هێڵە پانەکانی زەوی‌و سروشت و دابڕان هەموو ئەو سیفەتە تایبەتییانەیان لە (جین)ەکانی مرۆ بار کردووەو پشتاوپشت و نەوە دوای نەوە پێیان دەگوێزنەوە.

ڕەگەزی ڕەش کەوتۆتە نێوان هێڵی پانی (١٥)ی سەرووی زەوی‌و هێڵی پانی (٢٠)ی خوارووی زەوی‌و پشتێنێکی ڕەشی بەدەوری گۆی زەویدا پێکهێناوە. بەهەمان شێوە، ئاژەڵ و ڕووەك و تەنانەت میکرۆب و ڤایرۆسیش ڕەگەزیان لێ پێکهاتووە. ئەو جیاوازییانەی نێوان ڕەگەزەکان، بەخۆیان کاری زیاتریان کردۆتە سەرخۆیان و جێی خۆیان، هەر یەکەو لەخانەی خۆیدا، مەحکەمتر کردووە.

ئەگەر مرۆ-یەك سەرچاوەیان هەبووبێ، لەیەکەم رەویاندا، کە لەناوەڕاستی ئاسیاوە سەری هەڵداوە، ناشێ ئەو ڕەگەزانەیان بووبێ، بەڵام دوای گیرسانەوەیان لەجێی جیا جیاو بارودۆخی جیاوازدا، وردە وردە ڕەگەزیان لێ پێکهاتووەو تا هاتووشە جیاوازییەکان زەقترو ئاشکراتر بوونەتەوە خۆ ئەگەر سەرچاوەی دروستبوونی مرۆ-یەکیش نەبووبێ وەك بەم دواییە زاناکان بۆی دەچن، ئێدی دەبێ هەر ڕەگەزەو سەرچاوە (ئادەم)ی خۆی بووبێ‌و ئێستاش جیاوازن.

میکرۆب و ڤایرۆسی جیاواز بەرگریی جیاوازیان لەخوێن دەوی‌و گروپی جیاوازی خوێن پەیدا دەبن با هێندێ جار خوێنی لێکچووش لەنێوان ڕەگەزە جیاوەزەکان هەبن[٢] زانست وا مەسەلەکان دیاری دەکاو چ عەیبی تێدا نییە مرۆ ڕەگەزی جیای هەبێ. ڕەگەزی جیاوازی ئاژەڵ و رووەك، خزمەتی زۆریان بەمرۆ کردووەو رۆژ لەدوای رۆژ بەرهەمی هەمەچەشنەی قەت نەدیوو کەس نەدیو پێك دێ.

راسیست (Racist)ەکان ئەو جیاوازییە سروشتییە خواکردەی نێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤیان کردۆتە یەکەم پلەو بناغەی بۆ چوونی خۆیان و هەنگاوی یەکەمیان لەوێوە ناوە. دوای ئەوەش جیاوازی کلتوورو زمان و مێژوویان خستۆتە پەڕاوێزی باوەڕەکەیانەوەو ئیدی ڕاسیزم ڕسکاوەو بەرەبەرە بەرتەسك کراوەتەوە تا چڵێ یا بەشێکی ڕەگەزێکی گرتۆتەوە.

ڕاسیزم دیاردەیەکی نوێی ناو هۆشی مرۆنییە. جوو خۆیان بەمیللەتی هەڵبژاردەی یەزدان دەزانن و حەڵواباران و شەق کردنی نیل، هۆی خۆ بەگەورە زانینیانن و کراونەتە دەرمانی چەوساندنەوەیان لەلایەن فیرعەونەکانەوە. زمانی قورعان هۆیەکە لەو هۆیانەی کە عارەب میللەتی موسڵمانی ناعارەب بە کەم بزانن و خۆیانیان بەسەردا با بدەن. ئەڵمانیایی ڕەگەزی ئاریایی سپییان بەسەروەری مرۆ داناوە. میللەتانی تریش، لێرەو لەوێ‌و لەبەر هۆی جیاواز، کەم و زۆر ئەو هەستی خۆ بەگەورە زانینەیان تیدا زاوە. کوردیش بەدرێژایی مێژوو و هەتا ئەمڕۆش خۆی بە براگچکە زانیوەو تەنانەت دوای رووخانی مادەکانیش، قەبووڵیان بووە بۆ فارس ببنە (حەرەسی حدوود)و تاکو تەرای وەك (خانی)ی مەزن و شەرەفخانی لێ دەرچێ، کە لەخەتە سەپاوەکە لایان داوە، ئێدی کوردو گچکەیی کوردو جاشێتی. تا ئەمڕۆی ئێمەش ئەم خۆ بەکەم زانین و پەراوێزی‌و گچکەییە بەردەوامە، مەگەر نەتەوەیی کورد دەنگی نەبیستراوی هەڵبڕیبێ‌و ناڕەزایی دەربڕیبێ، ئەوانیش لەبەر کەمی، خۆبە کەمزانەکان مەنجەڵە یاپراغیان بەچاودا دەدەنەوە. دیارە کە دەبێ وابێ: نەتەوەیی کورد لە کۆندا، لەسەر ئاستی تاکە نەفەر بووەو ئێستا هەر ئەوەندە زیادیان کردووە یەك مەنجەڵ یاپراغ بەشیان بکا! خەنی لەخۆمان.

نەتەوەیی کورد،ئەوپەڕی ڕاسیزمی بەوە گرتۆتەوە کە

دەیەوێ کورد لەهیچ میللەتێکی تر کەمترنەبێو چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بێ. ئەم داواکارییە ئینسانیو سروشتییە، بەهیچ پێوانەیەك ناچێتەوە بۆ سەرچاوەی راسیزم. رەنگە پێچەوانەکەی بکەوێتە سەنگەری راسیزمەوە: کورد لەمیللەتان کەمترەو مافی ئەوەی نییە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ دەبێ پەراوێزو خزمەکارو حەرەس حدودبێ!. ئەمەیە راسیزمی بێ ئاگایانەو گێلانە، چونکە گەورەکردنی رەگەزێك وەك گچکەکردنی رەگەز یەك واتای هەیە.

کو کلاکسی کلان Ku Klux Klan، کە کورد کراوەکەی (KKK)یەو یەکەم جار لەساڵی ١٨٦٠-١٨٧٠کاندا، لەئەمەریکا دروست بوون و پاشان ساڵی ١٩١٥ دیسان سەریان هەڵدایەوەو ئێستا جارێکی تر برەویان پەیدا کردۆتەوە، لەبنەرەتدا راست بوون چونکە هەوڵی برانەوەی رەگەزی رەشیان لە ئەمەریکادا دەدا. ئەمانە پێیان وایە جووتبوونی نێرو مێی دوو رەگەزی جیاوازی مرۆ، وەك جووتبوونی نێرو مێی دوو ئاژەڵی جیاواز (بۆ نموونە سەگ و پشیلە) نابەجێیەو دەبێتە هۆی شێواندنی رەگەزی سپی کە دەبێ بەپاکژی بمێنێ. ئەمانە، مرۆی رەشیان بەمرۆ دانەناوە بۆیە بەهەق راسستن. ئەم رێکخراوە راسیستە، مەسەلەی دوژمنایەتیکردنی جوو و مەزەبی کاتۆلیکیان کردە پەراوێزی بۆچوونی خۆیانەوە لەکاتێکدا هیچ یەکێ لەوانە لەرەگەزدا بۆ قول یا زەرد ناگەرێتەوە.

بەکورتی راسیست، ئەم نیشانانەی تێدا دەردەکەون:

١-لەپلەی یەکەم و سەرەکیدا، بەربەرەکانی رەگەزی جیا دەکەن کە لەرەنگ و بالاو کەللەسەرو قژدا دیارن و رەگەرزی خۆیانیان پێ پاکژە.

٢-بەهۆی ئایین و کلتوورەوە، دوژمنایەتی سەرلەبەری میللەتێ یا ناوچەیەك دەکەن.

٣-باوەر (ئایین و مەزەب) دەکەنە سنووری نێوان خۆیان و میللەتان.

٤- رەگەزی خۆیان لەرەگەزەکانی تر بەئینسانترو کامڵتر دەزانن.

باشە نەتەوەیی کورد کام یەکێ لەو خەسڵەتانەی تێدایە؟. نەتەوەیی کورد، نە بەهۆی رەنگ و روخسارەوە دژی کەسە، نە بەهۆی ئایینەوە. نەتەوەیی کورد دژی داگیرکردنی ولاتی خۆیو چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆیەتی. لەبەرئەوەی دانانی نەتەوەیی بە راسیست، لەتورەهات بەولاوە هیچی تر نییە. مرۆ کە دەخولقێ، ئایین و کلتوورو زمان و رەنگی پێست و شێوەی کەلەسەرو بالاو هەموو شتێکی لەو بابەتانەی بەسەردا سەپاون. رەنگە بەگەورەیی بتوانێ خۆی لەئایین و زمان و کلتوور رەهابکا بەڵام هیچی لەگەڵ رەنگ و روخساری خۆیدا پێ ناکرێ. لەبەرئەوە، یەکجار نارەوایە بەربەرەکانێ مرۆ، بەهۆی سیفاتی ناو تویشەبەرەی (جین)ەکانەوە بکرێ.

ئەگەر (Race) بەکوردی رەگەز بێ، راسیزم رەگەزپەرستی ناگەیەنێ چونکە ئەو (ئیزم)ە پاشگرە واتای پەرستن نادا. (ئیزم) رێبازو بۆچوون و فەلسەفەی

لە تیۆری پێکهاتوو پێکدەهێنێ کە لە بنەڕەتدا هیچیان پەرستن نین. هونەری نیگارکێشان چەند ڕێبازێکی بە(ئیزم)ی تێدان. کە یەکێکیان (تکعیبی Cubism)ەو (مکعب)یش لەهونەردا ناپەرسترێ. خوا پەرستی سۆفیزمی تێدا ڕسکاوە بەڵام سوڤیزم سۆفیپەرستی نییە ئەگەر لەم بۆچوونەدا هەڵەبم، بەبێ یەك و دوو دەبێ مارکسیزم واتای مارکسپەرستی بێ‌و هەموو (مارکسیست)ێك مارکس بپەرستن و ماتریالیست بەرد بپەرستێ‌و فێمێنیست ژنپەرست بێ. کەواتە ئەو (ئیزم)ە لەگەڵ پەرستندا یەك ناگرێتەوە.

ڕاسست بەوەوە ناوێستێ (Race)ە کەی خۆی خۆش بوێ، بەڵکو ڕەگەزی دی بەسووك دەبینێ‌و وەك بنیادەم تەماشایان ناکاو گەلێ جار هەوڵی قڕکردنیان دەدا. ئەم رق و کینەو ناحەزییە بەهۆی داگیرکاری‌و چەوساندنەوەوە نییە تا (تەئویل) هەڵبگرێ‌و بیانووی بۆ پەیدابێ، لەزۆرترین حاڵەتدا، (ڕاسیست)ەکە سەردەستەو زاڵە. لەبەر ئەوە، ڕاسیزم لەبنەڕەتەوە دیاردەیەکی بەدەو دەبێ نەفرەتی لێ بکرێ. بەڵام پەرستنی ڕەگەز ئەگەر لەسەر حیسابی ڕەگەزو کۆمەڵگەی تر نەبێ هێندە پڕ مەترسی نییە. کەواتە، ڕاسیزم و ڕەگەز پەرستی (بەواتای پەرستن) جیاوازن. منداڵی خۆت تا ڕادەی پەرستن خۆش بوێ شتێکەو هەڕەشەی لەناو بردنی منداڵی خەڵکی بکەی شتێکی ترە. میللەت و خاکی خۆتت خۆش بوێن و بیانپەرستی شتێکەو هەڕەشەی لەناو بردنی میللەتانی ترو وێرانکردنی وڵاتانی تر بکەی شتێکی ترە.ماڵەکەی خۆت وەك پەرستگە لەلا پیرۆزبێ شتێکەو ماڵی دراوسێی خۆت بڕمێنی شتێکی ترە. کە ماڵی خۆتت خۆش ویست نابیتە ئەو ماڵپەرستەی کە هەوڵی ڕووخانی ماڵی خەڵکی دەدا. کە ڕەوایە بەو (ماڵپەرست)ە بگوترێ: بەرەو ئەوە دەچێ ماڵی خەڵکی بڕمێنێ؟ ئاوهاش ڕەوا نییە پێت بگوترێ ڕاسست ئەگەر تا ڕادەی پەرستنیش نەتەوەکەی خۆتت خۆش بوێ‌و بۆ سەرفرازی کاری بۆ بکەی.

ئەگەر ڕاسیزم نەتەوەپەرستی نەبێ. ئەوا هەر بەجارێ لە(نەتەوەیی)یش دوور دەکەوێتەوە، چونکە ڕەگەز شتێکەو نەتەوە شتێکی ترە. ئەو کوردە دەبێتە راسیست کە بەهۆی ڕەنگ و کەللەو قژەوە بکەوێتە سەنگەری هاوڕەگەزەکانی خۆیەوەو ئێمەی کورد بەدەست هاو ڕەگەزەوە زەلا زەلامانە. نەخێر کورد ڕەگەز پەرستی تێدا نەخولقاوەو لەهیچ لاوە مەودای ئەوەشی نییە ڕاسیست بێ‌و تەنانەت ژمارەی نەتەوەییە سەربەخۆ خوازەکانیشی ئەوەندە کەمە، پیاو شەرم دایدەگرێ. با بۆچوونی نەتەوەیی کورد بە بۆچوونی ئینتەر ناسیۆنالستی کورد بپێوین و بزانین کامیان لە راسیزمەوە نزیکە: نەتەوەیی کورد پێی وایە برایەتی (من پێم چاکە ئەو زاراوەیە بکەمە دۆستایەتی) کوردو میللەتە دراویسێکانی کاتێ دەسەپێ داگیرکەرو داگیرکراو لە ئارادا نەمێنێ‌و

هیچ لایەك لایەكەی تر نەچەوسێنێتەوە. بەڵام ئومەمی وا بەناو كورددا بووە كەپێی وابێ: برایەتی عارەب و كورد بەتێكەڵبوونی خوێنی جاشە مەبدەئی و عەسكەری عارەب لەشەڕی پیاوانی ئیمپرالیزمدا دەڕسكێ[٣]. لەكام بۆچووندا مەلۆتكەی لۆژیك خنكێندراوە. تۆ وەرە پێشكەوتخوازی كورد ئەوەندەی عارەبێكی شۆڤێنی دژی رزگاریی میللەتی خۆی بێ!.

نووسەرێك دەڵێ: (هەڵگرانی ئەو بیرە نەزۆكە سەردەم بەسەرچووە، هەر بۆیاخێ لەخۆیان بدەن دواجار دەخلیسكێنە ناو زەلكاوی راسیزمەوە نەتەوەپەرست بە مانای راسیست دێ). بەڵام وەك لەسەرەوە باس كرا، نەتەوەپەرست راسست نەبوو.بۆ حاڵیبوون لە سەرجەمی ئەو بڕگەیە دەبێ ئەم وشانە شی بكرێنەوە: نەزۆك، سەردەم بەسەرچوو، نەتەوەپەرست و ڕاسیزم. پێم وایە لەشیكردنەوەی نەتەوەپەرستیو ڕاسیزم بووینەوە، یا بەلای كەمەوە بەراوردێكی پێویست كران. با بزانین ئەوانی دی، نەزۆك و سەردەم بەسەرچوون چۆن بەكار براون.

نەزۆك بەو مێیە شیردەرە (مەمكدار–گواندار)ە ڕەسیوە دەگوترێ كە قەت پزی لەپزداندا نەبووبێو هیچ هیوایەك لەئاوسبوونی نەكرێ. هەر مێینەیەك یەك جار بووبێتی، لەوە دەكەوێ پێی بگوترێ نەزۆك و لەبری ئەو زاراوەیە وشەی تری بۆ بەكار دەبرێ. ئەدی ئەگەر ئەو ناوە بۆ ڕێبازی فكری بەكار بخرێ چی دەبێ؟. ڕەنگە ئەم داهێنانە نوێیە لەهێندێ بواردا بایەخی خۆی هەبێو ڕۆژی باوبوونی دوور نەبێ. بەڵام لێرەداو بەوشێوە بەكارهێنانە بەعەمەل نایات.

قوتابخانە فكرییەكەی نووسەری ئەو چەند دێڕە، مێژووی كردۆتە چەند بەشێكەوەو هەر یەكەیانی بەسەردەمێكی مێژوویی داناوە. سەردەمی بەڕەڵایی (مەشاعی)، لەو قوتابخانەیەدا دایكە حەوای هەموو سەردەمەكانە. دایكی دوا سەردەمیش سۆسیالیزمە كە دەبوو كۆمۆنیزمی لێ ببێو ببێتە دوا سەردەم. سۆسیالیزم كۆمۆنیزمی نەبوو. بەمەدا سۆسیالیزم نەزۆك دەرچوو. ڕەنگە نەزۆك لەم جێیەشدا هەونەبێ چونكە سۆسیالیزم پرۆسترۆیكای بوو، با بەچكەیەكی (گوێر)یش نەبووبێ– بوونی پرۆسترویكا بەڵگەی نانەزۆكی سۆسیالیزمە. بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ نانەزۆكی سەردەمی كۆمۆنیزم نادۆزرێتەوە كە خۆی نیازی لەدایكبوونی نییە. ئەو سەردەمە نەزۆكە چونكە بەر لەدروسبوونی بە حەوت پشت بڕیاری نەزۆكی بەسەردا دراوەو دەبێ دوا سەردەم بێ. ئا ئەمەیە نەزۆك نەك بیری نەتەوەیی، كە نەنكە گەورەی بیری داهێنەری ئەو تێۆرییەی سەرەوەشە. بیری نەتەوەیی نەزۆك بوایە زۆڵی لێ نەدەكەوتەوە. خۆ ناشێ ئەو بیرە عیلمییە، وەك لەدوا سەردەمیدا هیچی لێ نابێ، لەهیچیش نەبووبێ!.

زەمانی زندەبە چاڵكردنی كەنیشكە عارەب هەناوێ بوو ئیسلامی لێ بوو. ئەوەی لەهوبەل كەوتەوە لەتازەترین

فەلسەفەی عیلمی بەتەمەنتر بوو. ئێدی دیارە نەزۆك لەو جێییەدا نابەجێیەو نرخی خۆیو مەبەستەکەی لەدەست داوە. ئەوجا نۆرە دێتە سەر سەردەم بەسەرچوون. بەڵێ زۆر بۆچوون و باوەڕ سەردەمیان نامێنێ. سەردەمی لات و عوززە بەسەرچوو بەڵام نەزۆك نەبوو. سەردەمی جەماوەری وەك دەریای کۆمۆنیستی عێراقی لەپەنجاکاندا بەسەرچوو کوا نموونەی یەکگرتنی نەتەوە جیا جیاکانی یۆگۆسلاڤیا؟ کوا خەبات و هێزی کرێکارانی جیهان و کوانێ کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و کوانێ خودی سۆڤیەت؟ بەردی واقیع هەمووی وردکردن. سۆڤیەت لە تووپەت بوو و تورکمانیستانێکی لێ بووەوە کە دوای حەفتا ساڵ دەرسداران وێنەی تاوانکاری هەڵەبجەو ئەنفال، وەك قارەمان و موسڵمان بەرز دەکەنەوە. تەفروو تونابوونی خەیاڵپلاوی حەفتا ساڵەی کرێکارانە کارێکی وای کرد یەکێتی چەند سەد ساڵەی نێوان روسیاو ئۆکرانیاش هەڵوەشێتەوە. پەروەردەی ئەو قوتابخانەیە راسیستی وای لێ کەوتەوە، برا گچکەی نازییەکانی زەمانی هیتلەر بن. ئەوتا سەربەکان کارێکیان بەموسوڵمانەکان کرد، مەگەر نازییەکان بەجوویان کردبێ‌و عارەب بەکورد. ئەڵمانیای جاران رۆژهەڵات رێژەی راسستی گەلێ لەئەڵمانیای رۆژاوا زیاترە خۆ هەر دەبوو وابێ‌و ئەگەر بیرو باوەڕ بەزەبری پۆلیس بسەپێ. کاردانەوەی دەبێ.

بەپێی هەموو بۆچوونێك نەدەبوو نازییەت، دوای ئەو کەتنە گەورەیەی کە کردیان و ئەو شکستەی بەسەریاندا هات، زندوو بێتەوە. بەڵام خەریکە مەترسی دروست دەکەن و بە ئەوروپادا پەرت دەبن و زیاد دەکەن. کۆ کلاکسی کلان لە ئەمەریکادا، هێندەی برەو هەیە کە مەترسی لێ بکرێ. ئەگەر ئەم ڕاسستانە برەو بسەنن و دەسەڵات بگرنە دەست، دەبێ فاتیحا بۆ گیانی خۆمان بخوێنین. ڕاسیستەکانی رۆژاوا بەئاشکرا دوژمنایەتیمان دەکەن و ناڕاسستەکانیش ڕێویانە: لەپاڵدممان دەبڕن و لەناو شانمانی قایم دەکەن.

ئەم بۆچوونە نامرۆڤانانە باویان پەیداکردۆتەوە با لای گەشبین و ساویلکەی بەر قاپی مەهدیو مارکسی نەبوونیان لەبابی (حەتمیەتی مێژووی)شدا بێ. تەنانەت وا خەریکە زەمانی خاچ هەڵگرانیشمان لێ زندوو دەبێتەوە[٤] و بەئاشکرا دژایەتی ئەو ئاینە دەکرێ کە لای (زانا!) پێشکەوتخوازەکانی لەمەڕ خۆمان باوی نەماوە. ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا سەردەم سەردەمی نەتەوایەتیو ئاسایشی نەتەوایەتییە. کوردیش کە نەتەوەیەکی ژێردەستەو چەوساوەیەو دەبوو هەستی نەتەوەیی بەسەر هەموو بۆچوونێکی تردا زاڵ بێ، لەگەڵ شۆڤێنیترین داگیرکەری کوردستاندا هەوڵی سڕینەوەی ناوی کوردستان دەداو ئەو میللەتەی بۆ دەخاتە پەراوێز. سەردەم سەردەمی نەتەوایەتییەو بەسەرنەچووە ئەوجا ناوەڕۆکی ئەو رستە بێ سەروبەرە بۆش و بەتاڵ

دەبیٚو ڕووی مەجلیسی ئەم سەردەمەی نامیٚنیٚ.

زانست مرۆڤی کردۆتە چەند بەشیٚکەوەو راسستەکان کەڵکیان لەو دابەشکردنە دیوەو هەوڵی زاڵکردنی بەشیٚکیان بەسەر بەشەکانی تردا داوەو مرۆڤایەتی (بەتایبەتی کورد) ژەهری دەستیانی چەشتووە. مرۆڤ، جاریٚکی تریش بەپیٚی خانەی چینایەتی دابەش کراوەو مارکسیستەکان هەوڵی زاڵکردنی چینیٚکیان بەسەر چینەکانی تردا داوەو ئەمانیش تالاٚویان بەگەرووی میللەتاندا کردووە. لەمەسەلەی زاڵکردندا، ئەم چین و ئەو (Race)، مارکسیزم و راسیزم هیٚند خزمن، وەك مەسیحیەت و ئیسلام موویەکیان بەینە. نائینسانیەتی ئەو دوو بۆچوونە وەك یەکن و یەك مەترسییان بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی هەیە. بەلاٚم نەتەوایەتی کورد لە بڕی ئەوەی هەوڵی زاڵکردنی نەتەوەیەك بیٚ بەسەر نەتەوەیەکی تردا، لابردنی زوڵمی نەتەوایەتییە. ئەمەش (١٨٠) پلە پیٚچەوانەی ئەو دوو بۆچوونە نارەوایانەیە.

کاتیٚکیش نەتەوەیی کورد گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی لەناوبردن لە میللەتانی دی بکا، هەرچەندە (زاڵم) بوونی کوردم پیٚ ئەهوەنترە لە(مەزڵووم) بوونی، ئەوجا دەلیٚم خەتی مرۆڤدۆستانەی بەزاندوە. ئەگەر نەتەوەیی کورد زمانی (دایك)ی لەمیللەتان قەدەغە کردو کەوتە (تەکرید)کردنی غەیرە کورد. ئەوسا دەکەویٚتە ریزی ئەوانەوە کە تالاٚو بەگەرووی میللەتاندا دەکەن.

بەکورتی، راسیزم و مارکیسزم هەوڵی سەپاندنی بەشیٚکن بەسەر (گشت)دا، نەتەوایەتی کوردیش هەوڵی لابردنی دەسەلاٚتی ناشەرعیە نەك پیٚکهیٚنانی دەسەلاٚتی ناشەرعی.

<u>پەراویٚزەکان:</u>

١-Neger ناوی زانستانەی ڕەشەکانەو عارەب (زنجی)یان پیٚ دەڵیٚن و بەکوردی (قول)ە. وشەی قول وەك وشەی نیٚگەر، هیٚندیٚ جار بەسووکایەتی دادەنریٚ بەلاٚم چ سووکایەتی پیٚکردنیٚك لە ئارادا نییەو ئەوە ناوی ئەو ڕەگەزە مرۆڤەیە تەنانەت نیٚگیریا (نیجیریا-Negiria) لەو ناوەوە هاتووە.

٢-ئەوە دەگوتریٚو دەشگوتریٚ کە زانایان بڕیاری گردەبڕیان لەسەر جیاوازی جۆر (صنف)ی خویٚن نەداوەو لیٚکۆڵینەوەی بەردەوامی لەسەر دەکریٚ.

٣-سەرچاوەکەم لەبەر دەستدا نەبوو تا دەقەکەی بنووسم، مەبەستیش لەپیاوی ئیمپریالیزم پیٚشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە.

٤- هەرچەندە خاچهەڵگران خوایان پەرستووەو خاچیان پیٚ پیرۆز بووەو بەپەرستن نەیانپەرستووەو هەرچەندە ناوەکە چ(ئیست)ی بەدواوە نییەو ئینگلیز بە(Crusade) ناویان دەبەن بەلاٚم دیسان لە کوردیدا نەخەلەساون و ناوی (خاچپەرست)یان لیٚ نراوە. دیارە دەبیٚ ئەم (پەرست)ە کوردییە لە(ی)ی نەسەبی(صلیبی) عارەبەوە هاتبیٚ.

ئەوەی کە دەبیٚ بگوتریٚ ئەوەیە کە یەکەم جار زاراوەی (خاچهەڵگر)م لەنوویسنیٚکی کاك ئەمجەد شاکەلیدا بەرچاو کەوت و زۆم پیٚ لەبار بوو.

١٩٩١